

# دیوان

## لەسەر میر ئێمگیوون


**گوننار ئێکێلۆف**

1968-1907

**وەرگێرانی لە سوێدییەوە**

**رزگار شێخانی**

rizgar_shekani@yahoo.se


**نیوب** شین بۆ منداڵەکانی دەگێڕێ
مافی خۆیەتی بگریێ
خواوەندە مرۆییەکان کوشتیانن
کە بیری مرۆڤ
بە خوای کردوون.

لە ناو شاخەکانی **مەگنێس**
لەسەر رێی **سەردێس**
بەردی چاو بە فرمێسک
زۆر بۆیان دەگریێ
**دایەگەورەی**
پیر وەک ئاسمانی شەو
ئەوەی بە هەست و نەست دەبینین،
ئەستێرەن فرمێسکەکانی ئەو.
هەرچییەکی دی کە هەیە، بە خۆیشییەوە
رووخساری راستینەی شەویش
فرمێسک دایشۆریوە و
لە خۆی ناچێ.

نیوب Niobe:

لە میتۆلۆژی گریکیدا، کچی شا تانتالوس و ژنی شا ئەمفیون بوو. شانازی بەوە دەکرد، کە شەش کوڕ و شەش کچی هەیە و گاڵتەی بە لیتۆ دەکرد، کە هەر دوو کوڕی هەبوو، ئەپۆلۆن و ئەرتێمیس. ئەم دوو خوایە، بە تیر هەموو منداڵەکانی نیوبیان کوشت. نیوب دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی و بەدەم رێوە دەگریێ و شین دەگێڕێ، تا لە نزاری چیای سیپیلوس وشک هەڵدەگەڕی و دەبێتە بەرد. لە شیعری ئەنتیکدا، نووسین لەسەر نیوب زۆر باو بوو. ئەیسخیلۆس تراژیدیایەکی لەسەر نیوب نووسیوە و هۆمیرۆسیش لە ئێلیادەدا باسی دەکا. شاخی نیوب لە نزیک شاری مەگنێسەی ئەنتیکە، کە لە تورکیایە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com